# کوردایەتی و دی دی تی

حەمەسەعید حەسەن

منێ نەمهێشت لەو ڕووسیایە
شوێنی ڕاسپۆتین خاڵی بێ،
منێ کام ئافرەت سرک بوو
کارێکی وام کرد ماڵی بێ،
ئەندامێکی گورجوگۆڵی پاراستن بووم
خودای گەردن شکاندن بووم،
ڕاپۆرتێکم لەسەر هەر کەسێ نووسیبا
تووکی سەری دەکەوتە بەردەم ڕەشەبا،
منێ بە ئەفیوونی پارتی
وڕ و مەست بووم،
لەسەر داخوازیی هەڤاڵان
بە (زانیاری)یەوە پەیوەست بووم،
لای یەکێتیش
ئەوەندە چوست و چالاک بووم
جێگەی ئیهتیمامی مام و
کوردسات و سەنتەری (خاک) بووم،
ڕۆژێک مەسئوولێکی ورگن
گوتی، ئیدی
تۆ دەچی دەبی بە ئەمن.
تا نۆی نیسان
من هاوزەمان
پارتی و یەکێتی و بەعسی بووم
کورد هەناسە بوو، من سی بووم،
دوژمن مێشوولە بوو، منیش
دی دی تی بووم.

2003. 07. 20